# دابەشبوونی جوگرافی  نشینگە گوندییەکانی ناحیەی گوێرو کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی

## لێکۆلینەوەیەکی جوگرافییە

**ID No. 3845**

(PP 75 - 95)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.25.2.6**

**تنكه عثمان سعيد**

بەشی جوگرافیا - کۆلێژی ئاداب /  زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

tnka.saeed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2020/11/22**

**پەسندکردن : 2021/02/04**

**بڵاوکردنەوە : 2021/03/10**

**پوختە**

لە رۆژگاری دێرین نشینگە گوندییەکان بەشێکبوون لە شوینی نیشتەجێبوونی دانیشتوان هەربۆیە بوونەتە مەڵبەندی جێگیربوونی مرۆڤ ,گومانی تێدانییە کە کۆمەڵێك فاکتەر کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی دابەشبوونی نشینگەکان لەوانە فاکتەرە سروشتییەکان و فاکتەرە مرۆییەکان دانیشتوانی گوندەکان لە پێناو رێکخستنی بژێوی ژیانیان پشتیان بە پیشەی کشتوکاڵ بەستووە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە شیاون بۆ ئەم پیشەیە کە بە یەکێك لە گرینگترین پیشە ئابوورییەکان دادەندرێت . گرینگی ئەم لێکۆڵینەوە سەرەڕای بەدیار خستنی گرینگی کشتوکاڵ لەم ناوچەیە ئەوەیە کە گرینگی ناوچەکەش دەردەخات لەڕووی شوێن و پێگەی جوگرافی , چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە , بەڵام تا ئێستا هیج توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەیەوە ئەنجام نەدراوە . لەبارەی ئامانجی لێکوڵینەوە رۆشنایی کردنە لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان و رۆڵی فاکتەرە جوگرافییەکان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی کە لە سێ بەش پێکدێت ,بەشی یەکەم ناساندنی ناوچەی لیکۆڵینەوەیە کە لە دوو باس پێکدێت باسی یەکەم, رەهەندی جوگرافی ,باسی دووەم ناساندنی چەمکە بنەرەتییەکان (پەرەپێدان و پەرەپێدانی کشتوکالی) .بەشی دووەم فاکتەرە جوگرافییە کاریگەرەکانی دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان کە لە دوو باس پیکدیت یەکەم, فاکتەرە سروشتیەکان ,دووەم فاکتەرە مرۆییەکان بەلام, بەشی سێیەم بریتییە لە رێگاکانی دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان کە لە دوو باس پێکدت ,یەکە م دابەشبوونی قەبارە و شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندییەکانە, بەلام باسی دووەم پیکدێت لە کاریگەری دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان لەسەر پەرە پێدانی کشتوکاڵی. لە کۆتاییدا ئاماژە بە ژمارەیەك لە دەرئەنجام و راسپاردەی پێویست دراوە.

**کلیلی ووشەکان:** دابەشبوون، نشینگە گوندیەکان،گوێڕ، پەرەپێدانی کشتوکاڵ.

### 1-   پێشەکی

گوند بەیەکێك لەکۆنترین مەڵبەندەکانی سەقامگیربوونی مرۆڤایەتی دادەندرێت، هەر لەڕۆژگاری کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ، چونکە شاراوە نییە بەڵکو راستییەکی نەگۆڕە بەوەی مرۆڤ هەر لەکۆنەوە لە هەوڵی گەڕان بووە بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی شیاو تا تێیدا جێگیر بێت و بیکاتە لانە و نیشتیمانی سەقامگیربوونی خۆی. دوای ئەم قۆناغەی ژیانیش توانی زیاتر پەرە بەسروشتی ژیانی خۆی بدات و لەپێناو رێکخستن و باشترکردنی ڕەوشی ژیان توانی پیشەی کشتوکاڵ بکاتە سەرچاوەی بەدەست هێنانی پێداویستییەکانی، هەربۆیە کشتوکاڵ بەپێشەنگی پیشە ئابوریەکانی گوندنشینان دادەندرێت، بەتایبەتی لەم شوێنانەی کەشیاون بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم جۆرە کەرتە.

گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کەناحیەی گوێڕ سەرەڕای ئەوەی لەهەڵکەوتەیەکی ستراتیژی دایە، لەگەڵ ئەوەش تاوەکو ئێستا بەگوێرەی پێویست لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی تایبەت دەربارەی ئەنجام نەدراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە بە پێویست زاندرا کەلەبارەی دابەشبوونی گوندنشینانی ناحیەکە بکۆڵدرێتەوە, لەڕۆشنایی ئەوەش گرنگی دان بەکاریگەری ئەم دابەشبوونە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی، ئەوەش خۆی

لەخۆی دا بایەخی لێکۆڵینەوەکە پتر دەکات، چونکە ناحیەکە لەماوەی ساڵانی رابردوو چەندین جار دووچاری هێرشی کاولکاری و سووتان و ڕاگواستن بووە، بەڵام لەساتەوەختی ئێستادا ناحیەکە لەباروودۆخی ئارام و سەقامگیربوون دایە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەستراوە بەمیتۆدی (شیکردنەوەی بەراوردکاری) بەمەبەستی دەرخستنی دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان لەماوەی لێکۆڵینەوەدا هەڵبەت، ئەوەش بەچەند قۆناغێك ئەنجام دراوە:

1- کۆکردنەوەی ئامار و زانیاری لەرێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان (وەزارەت و فەرمانگە حکومیەکان).

2- ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی کێوماڵی (دراسە المیدانیە) بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە.

3- بەکارهێنانی سیستمی زانیاریە جوگرافیەکان بەمەبەستی پێشاندانی ئامار و زانیاریەکان لەسەر شێوەی (نەخشە و خشتە).

لەپێناو گەیشتن بەپێکانی ئامانجەکان , ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بۆ سەر چەند بەشێك کەبریتین لە بەشی یەکەم, ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەپێك هاتووە لە دوو باس , باسی یەکەم بریتییەلە ڕەهەندی جوگرافی,باسی دووەم چەمکە بنەڕەتیەکان (پەرەپێدان و پەرەپێدانی کشتوکاڵی)، لەکاتێکدا بەشی دووەم بریتییە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا,کە ئەمەش دوو باس لەخۆی دەگرێت, ئەوانیش باسی یەکەم (فاکتەرە سروشتیەکان )، باسی دووەم( فاکتەرە مرۆییەکان ) و دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی پشکی بەشی سێیەمی وەرگرتووە کەپێك هاتووە لە دوو باس, باسی یەکەم دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەکان و شێوازەکانی دابەشبوونی، باسی دووەمیش کاریگەری دابەشبوونی نشینگە گوندییەکان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی، لەکۆتاییدا تەوەری ئەنجام و راسپاردە و لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە** رۆشنایی کردنە لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان و رۆڵی فاکتەرە جوگرافیەکان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی.

نشینگە گوندییەکانی ناحیەی گوێڕ بەهۆی کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆیی دابەشبوون، سەرەڕای ڕۆڵی کارای مرۆڤ، هەربۆیە بۆ زیاتر دەرخستنی کاریگەری ئەم دابەشبوونە لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەناوچەکە متمانە خراوەتە سەر کۆمەڵێك ئامراز و ئامار بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەم پەیوەندییە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کۆمەڵێك لەمپەر دووچاری توێژەر بووەوە کەبریتین لەمانە:

1- دەگمەنی ژێدەر و سەرچاوەی زانستی دەربارەی دەڤەرەکە.


2- هەڵکەوتەی جوگرافی دەڤەرەکە کەلەنزیك پارێزگای موسڵ هەڵکەوتووە، زۆرجار لەکاتی ئەنجام دانی سەردانی کێوماڵی (دراسة المیدانیة) بۆ دەڤەرەکە لەلایەن میلیشیاکانی (حەشدی شەعبی) لەبازگەی گوێڕ .

**2- ڕەهەندی جوگرافی:**

ناحیەی گوێڕ یەکێکە لەناحیەکانی قەزای مەخمور لەپارێزگای هەولێر، کەلەبەشی باشوری رۆژئاوای پارێزگاکە هەڵکەوتووە (نەخشەی- 1 -)، ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە سەر (رووباری زێی گەورە)، کەسنوری پارێزگای هەولێر لەپارێزگای نەینەوا جیا دەکاتەوە.

لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە، ناحیەی گوێڕ دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (43.39°) و (44.42 °)ی باکوور ، هەردوو هێڵی درێژی (35.42 °) و(37.20 °)ی رۆژهەڵات، ئەوەی پەیوەستە بەپێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەری،لەبەشی باکور لەگەڵ قەزای خەبات هاوسنوورە، بەڵام لەبەشی رۆژهەڵات لەگەڵ قەزای بنەسڵاوە هاوسنوورە وەك لە (نەخشەی _ 2_ ) تێبینی دەکریت،هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی گوێڕ، پێگەیەکی گرنگی هەیە لەنێو پارێزگای هەولێر، چونکە ناحیەکە پردی بەستنەوەی پەیوەندیە لەنێوان هەریەك لەپارێزگاکانی هەولێر و نەینەوا و دهۆك لەلایەك، لەلایەکی دی رێگایەکی ستراتیژی گرنگە کە راستەوخۆ بزاوتی بازرگانی و هامووشۆی رۆژانەی دانیشتوانی لەسەر

بەندە چ ئەوانەی کەجووتیارن و رۆژانە بەرهەمەکانیان لەکێڵگەکانی بەرهەمر هێنانەوە دەگوازنەوە بۆ ناوچەکانی ساغکردنەوە کە (گـومرگ) نـزیکترین خـاڵی نـاوچەکەیە، یـاخود ئەو ئۆتـۆمبێلە بـارهەڵگرانەی کەرۆژانە کەلـوپەل و شـت و مەکەکانیـان لەپارێزگاکانی دهۆك و نەینەوا دەگوازنەوە بەرەو ناوەندی شاری هەولێر، ئەوەش گەواهیدەرە لەسەر بایەخ و گرنگی پـێگەی جوگرافی و ستراتیژی ناحیەی گوێر لەپارێزگای هەولێر، ((سەبارەت بەرووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بـریتیە لە (٥٠٥) کـمر2))( سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان)، ((ژمارەی گونـدەکانی نـاحیەکەش بەگـوێرەی دوایـن رووپێـوی گۆڕەپـانی کەلەنـاوچەکەدا ئەنجامر دراوە گەیشتۆتە (٤٣) گوند))(پارێزگای هەولێر,2016).




**نەخشەی-1- پیگەی جوگرافی ناوچەی لیکۆلینەوە لە پاریزگای هەولیر**

سەرچاوە / ئامادە کراوە پشتبەست بە:

حەداد و ئەوانیتر, 2009 , ل 41 .




**نەخشەی _ 2 _ ناحیەی گوێر بە گوێرەی یەکە کارگێریەکانی دەوروبەری**

**سەرچاوە / ئامادە کراوە پشتبەست بە**

**حەداد و ئەوانیتر, ل 41 .**

**3 - ناساندنی چەمکەکان:**

**1- پەرەپێدان**

((مەبەست لێی ئەو کردارانەیە کەلەمیانی یەکگرتنی ئەرکی هەریەك لەهاوڵاتیان و حکومەت دەبێت، لەپێناو چاکترکردنی هەلومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگا ناوخۆییەکانە )) (محمد، 2008, ل-37) یاخود ((کردارێکی پلان بۆ دارێژراوە کەئامانجی بەدەست هێنانی گۆڕانکاریە لەتەواوی کەرتەکاندا یەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانیش, دەستەبەرکردنی پێداویستی و ئارەزوەکانی مرۆڤە)) (النقشبندی، 2004،ل 81-82) ((لەبۆچوونێکی دیکەدا هاتووە، ((پەرەپێدان بریتییە لەبایەخ دان بەبەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و رۆشنبیری و تەندروستی)) (الراوی، ١٩٨٨،ل 34-35). لەرۆشنایی ئەو چەمکانەی پێشوو، دەگەینە ئەو راستییە کەپەرەپێدان ئەو کردارەیە کەگرنگی دەدات بەبەدی هێنانی خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان لەکۆمەڵگەدا.

**2- پەرەپێدانی کشتوکاڵی**


((دەربارەی چەمکی پەرەپێدانی کشتوکاڵی بۆچوونی جیاجیا هەن، دیارترینیان، مەبەست لەپەرەپێدانی کشتوکاڵی دابین کردنی دەستی کارە بۆ چالاکیە ئابووریەکان (پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکانی دیکە)، هەربۆیە کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی فەراهەم بوونی هێزی کارە، لەبەر ئەوەش پەرەپێدانی کشتوکاڵی رۆڵێکی گرنگی هەیە لەپرۆسەی پەرەپێدانی گشتگیر لەووڵاتە پێشکەوتووەکان و تازە فراژوو بووەکان)) (الدلیمی و الموسی,٢٠٠٩،ل- ١٣٣). لەبۆچوونێکی دیکەدا هاتووە: ((پەرەپێدانی کشتوکاڵی پێکهاتەیەکی سەرەکییە لەپێکهاتەکانی پەرەپێدانی ئابووری، پرۆسەی زیادکردنی توانای وەبەرهێنانە لەهۆیەکان و رێگاکانی وەبەرهێنان و دروستکردن و بەبازاڕکردنی بەروبوومە کشتوکاڵیەکان)) (عثمان، ٢٠١٣، ل-١٢)لەرۆشنایی چەمکەکانی پێشوودا، دەگەینە ئەو راستیيە، کەمەبەست لەپەرەپێدانی کشتوکاڵ بریتییە لەفەراهەم کردنی پێداویستییەکانی بەرهەم هێنان لەهەموو روویەکەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی لەرووی بڕ و جۆرەوە بگاتە بەرزترین ئاست.

**4- ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان هەیە لەسەر نشینگە گوندییەکان:**

**ا/ (فاکتەرە سروشتییەکان)**

**1- بەرزی و نزمی**

((شاراوە نییە کەدەشتەکان گرنگیان زیاترە لەراکێشانی دانیشتوان و نیشتەجێ بوون تێدا، ئەوەش بەگوێرەی پلەی توانای ژینگەی دەشتەکانە، هەروەها رادەی گونجاویان بۆ چالاکیەکانی دانیشتوان و رێکخستنی پێداویستییەکانیان، کەتێیدا هەڵی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئاودێری رێك و پێك فراوانتر دەبێت، سەرەڕای بنیادنانی یەکەی نیشتەجێ بوون و راکێشانی رێگاکانی گواستنەوە، هەربۆیە دەشتەکان شیاوترین ناوچەن بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەی شاخاوی سەخت و دژوار کەسروشتی زەوی سەخت و رێگرە لەبەردەم ئەنجام دانی چالاکی ئابوری (کشتوکاڵ)، هەروەها بەربەستە لەهاتنی دانیشتوان و نیشتەجێ بوون تێدا))( محمد، 1982، ل-121-122). سەبارەت بەناحیەی گوێڕ، لەتێبینی کردنی (نەخشەی -٣-) دەردەکەوێت، کەلەناوچەیەکی دەشتایی تەخت هەڵکەوتووە، کەبەرزی ئەم ناوچەیە لەنێوان (169م-500م) لەئاستی رووی دەریاوەیە، ئەم تایبەتمەندیەش لەسروشتی ناوچەکە یارمەتی ئاسانکردن و ساناکردنی بەکارهێنانی چالاکیەکانی دانیشتوانی داوە، لەپێشەنگیان چالاکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەمەش خۆی لەخۆیدا فاکتەرێکی کاریگەر بووە لەوەی هانی زۆرترین گوندنشینانی داوە تا لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ ببن، هەربۆیەش چڕی گشتی گوندنشینانی ناحیەکە ساڵی (2019) گەیشتۆتە نزیکەی (124کەس/کم2).




**نەخشەی-3- بەرزی و نزمی ناحیەی گوێڕ**

**سەرچاوە / ئامادە كراوە پشتبەست بە (حەداد و ئەواني تر, ل- 41 )**

2- **ئاو و هەوا**

((وەك هەر فاكتەرێكی سروشتی كاریگەرییەكی زۆری لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە، چونكە لەلایەكەوە بەشێوەی راستەوخۆ كار دەكاتە سەر خودی مرۆڤ و چالاكیەكانی، لەلایەكی تریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ كار دەكاتە سەر خاك و رووەكی سروشتی و كشتوكاڵ)) (غەفور ، 2012، ل-155).

**خشتەی -1- تێکڕای ساڵانەی باران لەوێستگەی گوێڕ لەماوەی (2009-2019)**

| ماوە | تێکڕا بە ملم |
|---|---|
| 2010-2009 | 212.7 |
| 2011-2010 | 242.4 |
| 2012-2011 | 99.4 |
| 2013-2012 | 315.8 |
| 2014-2013 | 230.2 |
| 2015-2014 | 280.8 |
| 2016-2015 | ٢٠٥.٩ |
| 2017-2016 | 252.9 |
| 2018-2017 | 256.4 |
| 2019-2018 | 722.1 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بەپشت بەستن بەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی کەشناسی کشتوکاڵی، تێکڕای ساڵانەی باران لەوێستگەی گوێڕ (داتای بڵاونەکراوە).**

بەتێبینی کردنی (خشتەی-1-) بۆمان دەردەکەوێت کەلەسەر ئاستی ماوەکانی لێکۆڵینەوەدا بەرزترین تێکڕای بارانبارین لەماوەی (2019-2018) بووە، کەزیاتر لە (722 ملم) تۆمارکراوە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، هەڵبەت بەرزبوونەوەی ئەم تێکڕایەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر بوژانەوەی کەرتی ئابوری لەناوچەکەدا، بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، چونکە وەك لەپێشوودا رۆشنایی بۆ کرا، ناوچەکە ناسراوە بەچاندنی بەروبوومی دانەوێڵە بەتایبەتی (گەنم و جۆ) بێگومان بەرزی ئەم تێکڕای بارانەش راستەوخۆ یارمەتیدەر بووە لەبەرزی بڕشتی بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لەگوندەکانی ناحیەکە، ((ئەمەش لەدوو لایەنەوە دەرفەتی قازانج بەجووتیار دەبەخشێت لەلایەکەوە داهاتی ساڵانەی بەرز دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەوە تێچووی ماددی و خەرجی کڕینی بنەتۆی ئەو ساڵەی یەکسان دەبێت و تووشی دیاردەی زیانی ماددی و لەدەست دانی سەرمایە و زەرەر و زیان لەم بوارەنابێتەوە)) (توێژەر, لێکۆڵینەوەی مەیدانی,2019).

بەڵام لەماوەی (2011-2012) کەمترین تێکڕای ساڵانەی باران لەناحیەی گوێڕ تۆمار کراوە کەزیاتر لە (99 ملم) بووە، کەئەمەش راستەوخۆ کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر جۆر و بڕی بەرهەمهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دروست کردووە و دەکات، لەم ماوەیەدا، هەرچەندە بەشێك لەجووتیارانی ناوچەکە لەبارودۆخی کەمی باراندا هانا بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاوپرژان (مرشاە) دەبەن، بەڵام هێشتا بایەخی کەمترە لەبایەخ و گرنگی بڕی باران بارین لەوەرزی چاندن لەناوچەکەدا، لەلایەکی دیکە بەشێك لەجووتیاران لەبەر گرانی نرخی ئەو ئامێرانە ناتوانن لەم ماوەیەی کەمی باران بەروبوومە دانەوێڵەییەکانیان بەگوێرەی پێویست ئاودێری بکەن، لەئاکامدا دووچاری زیانی زۆری ماددی و سەرمایەیی دەبنەوە، ((هەربۆیە رووداني کەم بارانی یاخود دیاردەی ووشکی کاریگەری جیاجیا دەخاتە سەر بەرهەمهێنان راستەوخۆ، سەرەڕای کاریگەری لەسەر هەریەك لەبارودۆخی ئاوی ژێر زەوی و پاوانی سروشتی لەناوچەکەدا)) (عمر,2008,ل-334 )

**-خاك**

((یەکێکە لەدەرامەتە سروشتییە گرینگەکان، کەدانیشتوان پشتی پێ دەبەستن لەبەرهەمهێنانی خۆراکدا، چ بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، کاریگەری ئەم دەرامەتەش لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندیەکانی ناوچەکە دەرناکەوێت،

بەشێوەی راستەوخۆ، بەڵكو دەردەكەوێت لەرێگەی پشت بەستن بەكشتوكاڵ، كەسەرچاوەی سەرەكی دانیشتوانی گوندەكانە، بەتایبەتی ئەگەر خاكەكە لەجۆری خاكێكی بەپیت و پێز بێت)) (جوهر,2007,ل-70 ), سەبارەت بەناوچەی لێكۆڵینەوە، بەگوێرەی ئەو پۆلینەی كەزانای هۆڵەندی (P.Buring) دەربارەی جۆرەكانی خاك ئەنجامی داوە ساڵی (1960)،)) خاكی (ناحیەی گوێڕ) لەجۆری خاكی قاوەیی مامر ناوەند (تربە بنیة متوسطة) دایە))(P.Burin .1960.78 ) ، ((ئەمر خاكەش بەوە جیا دەبێتەوە كەبەقوڵایی (25-35)سمر چینێك لەكلس تێدا كۆبۆتەوە، بەڵام چینی سەرەوەی ئەمر خاكە رێژەی ماددەی ئەندامی تێدایە كەلەنێوان (1-2%) )) .(قهرمان,1998,ل-196). ((ئەمر جۆرە خاكە بەگوێرەی پۆلینی دابەشكردنی جۆرەكانی خاك بۆ مەبەستی كشتوكاڵكردن، شیاوترین جۆری خاكە بۆ چاندنی بەروبوومەكانی (گەنمر و جۆ) (نۆك، نیسك، پاقلەمەنیەكان)، ئەگەر پرۆسەی ئاودێریكردنیشی باش بۆ فەراهەمكرا دەتواندرێت بەكاربهێنرێت بۆ كشتوكاڵكردنی بەروبوومی هاوینە وەك (لۆكە، كونجی، گەنمەشامی، سەوزەی هاوینە بەتایبەتی (بەروبومی تەماتە) )). (قهرمان,2004,ل-303 ). هەڵبەت فراوان بوونی كشتوكاڵكردنی (بەروبوومی زستانە و هاوینە) لەناوچەكەدا كاری كردۆتە سەر دابەشبوونی گوندنشینان لەمر جۆرە خاكەدا، لەلایەک و هەروەها هاوشان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەكەكانیان لەتەواوی بەشەكانی ناحیەكەدا كەئەمەش خۆی لەخۆیدا فاكتەرێكی یارمەتیدەری گرنگە بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانی كشتوكاڵی لە ناوچەكەدا.

**4-دەرامەتی ئاو**

((هەر لەكۆنەوە ئاو رۆڵێكی گەورەی هەبووە لەسەقامگیربوونی دانیشتوان و گەشەكردنیان، دانیشتوانی ناوچە كشتوكاڵیەكانیش هەمیشە بایەخیان داوە بەدامەزراندنی پرۆژەی ئاودێری و دروست كردنی بەست و راكێشانی جۆگە و كەناڵ بۆ مەبەستی رێكخستنی ئاودانی زەویە كشتوكاڵیەكان، هەربۆیە ئاو بەفاكتەرێكی سەرەكی دادەندرێت بۆ راكێشانی دانیشتوان و نیشتەجێ بوون لەناوچەكەدا و ئاوەدانكردنەوەی)) (محمامین و داود ,1990 ,ل- 235 ).

((ناوچەی لێكۆڵینەوە، هەروەك لەباسەكانی رابردووڕۆشنایی خرایە سەر، دەكەوێتە سەر رووباری (زێی گەورە)، كە ژمارەیەك پرۆژەی ئاودێری لەسەر ئەمر رووبارە دامەزراون، بەئامانجی فەراهەمر كردنی ئاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەرهەمر هێنانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری، لەوانە پرۆژەی ئاوەزیڵی رووباری زێی گەورە لەنزیك ناحیەی گوێڕ كەرووبەری ئاوی زێیەكە دەگاتە (٣٣٣٠) دۆنمر)).(اسماعیل,2006,ل-131 ). ((كەسەرچاوەی دابینكردنی ئاوە بۆ ئەو نشینگە گوندیانەی كەراستەوخۆ لەسەر رووبارەكە هەڵكەوتوون، وەك گوندەكانی (كوشاف، كوشافی كوردان، كوشافی عەرەبان، كەپران، سفەییە، ساقیە، سەید ئەمین، مەتران سارەلو، عەلی مەلا داود) )) (بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ,2019 ) ((هەربۆیە دابەشبوونی بەشێك لەمر نشینگە گوندیانە شان بەشانی رووباری زێی گەورە، لەدوو لایەنەوە كاریگەری ئەرێنی دروست كردووە، لەلایەكەوە گوندنشینان توانیویانە هەڵبستن بەراكێشانی جۆگە و كەناڵ بۆ زەویە كشتوكاڵیەكانییان، بەمەبەستی ئاسانكردنی پرۆسەكانی ئاودێری، لەلایەكی دی، بۆتە هۆكارێك بۆ فراوان بوونی رووبەری كشتوكاڵكردنی (هاوینە) وەك (بەروبوومی سەوزە)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەژمارەیەك لەگوندەكانی ناحیەكە سوودیان لەسەرچاوەی ئاوی رووباری زێی گەورە وەرگرتووە بەمەبەستی دامەزراندنی كارگەكانی پاككردنەوە و دروست كردنی قومر و چیمەنتۆ و كەرستەكانی بیناسازی كەلەمر رووەوە داهاتی ئابووریان لەسەر بەندە)) (قایمقامیەتی قەزای مەخمور،2019).

ئەمەش ئەمر راستییە دەداتە دەست كەگوندنشینانی ئەمر بەشەی ناحیەكە سوودێكی زۆریان لەئاوی رووباری زێی گەورە وەرگرتووە كەئەمەش بەفاكتەرێكی كارا دادەندرێت بۆ دابەشبوونی نشینگە گوندیەكان شان بەشانی رووبارەكە. جگە لەسەرچاوەی ئاوی سەر زەوی، هەروەها ئاوی ژێر زەوی لەشێوەی (بیر) لەناوچەكەدا پشتی پێ دەبەسترێت. (خشتەی-2-) ئەمر راستییە روونتر دەكاتەوە، بەجۆرێك ژمارەی سەرچاوە ئاویەكانی ژێر زەوی گەیشتۆتە (٥٠٨) سەرچاوە، كەپێداویستییە بنەڕەتییەكانی رۆژانەی گوندنشینان لەخواردنەوە و ئاودانی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان و ئاژەڵداری، دابین دەكەن,ئەمەش خۆی لەخۆیدا رۆل و كاریگەری ئەرینی هەبووە لەسەر پەرەپیدانی كشتوكالی لە ناوچەكەدا.

**خشتەی 2- نشینگە گوندیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی**

| ناوی گوند | سەرچاوەی بیر |
|---|---|
| ١- نۆغەران | ٢٢ |
| 2- قەڵاتە سۆران | ٣٥ |
| 3- دێری | ٢٠ |
| **4- کۆدەرە** | **١٩** |
| **5- کوشاف** | **١٢** |
| **6- کوشافی کوردان** | **١٠** |
| **7- کوشافی عەرەبان** | **٢** |
| **8- دەرماناوە** | **٨** |
| **9- زمارەی سابیر** | **١٤** |
| **10- زمارەی مەرزان** | **١١** |
| **11- ساقیە** | **٨** |
| **12- بەلبەلۆک** | **٨** |
| **13- سەید ئەمین** | **١٩** |
| **14- عەلی مەلا داود** | **١٣** |
| **15- قاوغ** | **٧** |
| **16- میل** | **١٢** |
| **17-تەرجان** | **٣١** |
| **18- سەعداوە** | **٢٥** |
| **19- ابو جەردە** | **٢٢** |
| **20- مەجلوبە** | **٢٠** |
| **21- پێمەڕەبڕ** | **٣٣** |
| **22- قادریە** | **٢٨** |
| **23- زاگە** | **٢٢** |
| ٢٤- عەباسیە | ٢٠ |
| ٢٥- شەمشولە | ٣١ |
| ٢٦- هەوێرە | ٢٨ |
| ٢٧- عەوێنە | ٣٩ |
| ٢٨- شامامەر | ٣٢ |
| ٢٩- دهێمات | ٣٠ |
| ٣٠- کەور | ١٥ |
| ٣١- طراش | ١٢ |
| ٣٢- ابو شیتە | ١٢ |
| ٣٣- خاڵند | ١٠ |
| ٣٤-شرائح | ١٧ |
| ٣٥- شێخ شەروان | ٤٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٨ |

**<u>سەرچاوە:</u> بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ناحیەی گوێڕ، بەشی پلان دانان و بەدواداچوون، ئاماری سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی، (داتای بڵاونەکراوە).**

لەوەی باسكرا دەگەینە ئەو ئەنجامە كەدەرامەتە ئاویەكان بەهەردوو جۆری (ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەوی) رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندیەكانی ناحیەكە چۆنیەك نەبووە، بەشێوەیەك بەشەكانی باكور و باكوری رۆژئاوای ناحیەكە بەڵام دابەشبوونی سەرچاوە ئاوییەكان لەهەمووبەشەكانی ناحیەكە چۆنیەك نەبووە،.. لەبەرئەوەی بەشێوازێكی هێلكرد هاوشان لەگەڵ زێی گەورە درێژبوونەتەوە بۆیە ئەمە خۆی لەخۆی دا كاری كردۆتە سەر شێوازی دابەشبوونی نشینگە گوندیەكان، لەكاتێكدا بەشەكانی دیكەی ناحیەكە لەبەر پشت بەستنی گوندنشینانی بەسەرچاوەكانی ئاوی ژێر زەوی لەشێوەی بیر بۆیە ئەمە كاری كردۆتە سەر وەرگرتنی شێوازی پەرت و بڵاو لەبەر بڵاوبوونەوەی نشینگەكان هاوشان لەگەڵ ئەو سەرچاوانە، لەبەشەكانی ناحیەكەدا.

5- ڕووەكی سروشتی : لە میانی لێكۆڵینەوەی گۆرەپانی بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە دەركەوت كە ڕووەكی سروشتی ناوچەكە لە جۆری گژوگیای كورتە كە وەك لەوەرگای سروشتی سوودی لێدەبیندرێت لەلایەن گوندنشینانی ناوچەكە , زۆربەی هەرەزۆری ناوچەكە وەرزین ,هەندێك لەو ڕووەكانە وەك خۆراك بەكاردەهیندرین بەشیك لە گوندنشینان بە مەبەستی دابینكردنی بژیوی ژیانیان هەندیك جۆری ئەم ڕووەكە وەرزیانە لە بازاڕ ساغ دەكەنەوە ,گرنگترین جۆری ئەم ڕووەكانە بریتین لە (پیفۆك , دۆمبەڵان(دۆمبەران) , كاردی ,تۆڵكە,كەنگر ) .

**ب / (فاكتەرە مرۆییەكان)**

**1- فاكتەری كۆمەڵایەتی**

((رۆڵێكی گەورە دەنوێنێت لەدروست كردن و دابەشبوونی شوێنی نشینگە گوندیەكان، هەروەها سەرەڕای رۆڵی لەدیاریكردنی قەبارەی نشینگەكان وپلان داڕشتنی كەشیاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی ئەو شوێنە كەلێی بنیات نراوە)) (خماش و اخرون ,2014 ,ل- 124). ((لەهەرێمی كوردستان، رۆڵی فاكتەری كۆمەڵایەتی زۆر بەروونی دەردەكەوێت و رەنگدانەوەی دیاری هەیە لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی دانیشتوانەكەی، چونكە ژیانی كۆمەڵایەتی كورد لەگوندەكان هێشتا بەشێوەی هۆزایەتییە، بێ گومان هۆزایەتیش یەكێكە لەكۆڵەكە سەرەكییەكانی بنیاتنانی كۆمەڵگەی كوردەواری)) (عارف,2010 ,ل-88) ، ((سەبارەت بەناحیەی گوێڕ، دانیشتوانەكەی لەسەر نەتەوەكانی (كورد) و (عەرەب) دابەشبوون، كەلەنێوانیاندا چەندین هۆز و تیرە هەن كەهەر لەكۆنەوە ژیانی ئاسایی دەژین بەیەكەوە، دیارترین ئەو هۆزانەش بریتین لە (فەقێ مەركی، بلباس، سارمەمی، سەیدان، گەردی، سیان، شێروانی، مەموندی، سورچی)، لەگوندەكانی (قەڵاتە سۆران، تەرجان، دهێمات، شێخ شەروان، پێمەرەبڕ و سەید ئەمین، ساقیە) نیشتەجێن، سەبارەت بەهۆزەكانی عەرەب بریتین لە (لهێب و طە ی و حەمدان و دلێم) كەلەگوندەكانی (شرائح، هەوێرە، ئەوشیتە، عەلی مەلاداود، خاڵند) جێگیرن)) (بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێر,2019 )

هەروەها، لەچوارچێوەی فاكتەری كۆمەڵایەتی (ئایین) رۆڵێكی دیاری لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندیەكانی ناحیەی گوێڕ هەبووە،(( ئەوەش لەبەر بوونی ژمارەیەك لەمەزارگەی پیاوچاك كەبەدیدێكی تایبەتەوە لەلایەن گوندنشینانی ناحیەكە تێڕوانینی بۆ كراوە و دەكرێت هەر ئەوە وایكردووە كەلەنزیك ئەوشوێنانە كۆببنەوە، لەدیارترین ئەو مەزارگە ئاینیانەش بریتین لەمەزاری (سەید عەبدوڵڵای نۆغەران) كەدەكەوێتە گوندی (قەڵاتە سۆران)، ساڵانە تەنانەت لەبۆنە ئاینییەكانیش خەڵكێكی زۆر سەردانی دەكات، هەروەها مەزارگەی (شەش گومبەت) كەدەكەوێتە گوندی (شێخ شەروان)، مەزاری (سەید ئەمین) لەگوندی (سەید ئەمین)، هەربۆیە بونی ئەو مەزارگە ئاینییانە لەبەشە جیاجیاكانی ناحیەكە كاریگەری هەبووە لەسەر دابەشبوونی نشینگە گوندیەكان لەنزیكیان))(توێژەر, لێكۆڵینەوەی مەیدانی,2019).

**2- فاكتەری ئابووری**

أ/ كشتوكال : ((بەیەكێك لەپیشە سەرەكیەكان دادەنرێت كەپەیوەندی بەدابەشبوونی دانیشتوان هەیە)). (سمحة,2009 ,ل-45). ((هەربۆیە هەڵبژاردنی هەر شوێنێك بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانی گوندەكان بەدوو توخمی سەرەكی پەیوەستە ئەوانیش بریتین لە (زەوی) و (ئاو) كەرۆڵیان هەیە لەبەرهەمهێنانی بەروبوومی كشتوكاڵی))(اللهوني,2005,ل-45 ).

((دانیشتوانیش زیاتر لەدەشتە تەختەکان جێگیر دەبن و ئەو ناوچانەی کەخاکەکەیان بەپیزە و نزیکن لەرووبەری ئاوی، لێرەدا کشتوکاڵ دەبێتە پیشەیەکی هەمیشەیی لەم جۆرە ناوچانەدا)) (المقداد و اخرون,2014,ل-242).

((ناوچەی لێکۆڵینەوە بەو پێیەی کەناوچەیەکی تەختاییە، لەرووی تۆپۆگرافیاوە ژمارەی گرد و دۆڵی تێدا فرەیە و زۆرە، بۆیە هەریەك لەسروشتی رووی زەوی ناوچەکە و ئەو شەقڵەی کەناوچەی دۆڵەکان پێی جیا دەبنەوە لەبوونی خاکی قووڵ و دەوڵەمەند بەسەرچاوەی ئاوی، وێڕای ئەوەش بزاوتی گواستنەوە تێیدا سانایە، هەربۆیە ئەم فاکتەرانە هاندەری کاران بۆ جێگیربوونی دانیشتوان لەسەنتەری ناحیەکە بەگشتی و گوندەکان بەتایبەتی)).(سعید,2013,102). بەسەرنجدان لە (خشتەی-3 -) ئەم راستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کەرووبەری زەوی چێندراو لەناوچەکە بەدانەوێڵەی (گەنم) بریتی بووە لە (٥٧١٠٩) دۆنم دانەوێڵەی (جۆ) گەیشتۆتە (٤٠٦٤٥) دۆنم لەماوەی (2009-2010)، لەکاتێکدا لەماوەی (2018-2019)دا رووبەری چاندراوی دانەوێڵەی (گەنم) بریتی بووە لە (١٢٢٥٩٥) دۆنم, سەبارەت بەدانەوێڵەی (جۆ) لەهەمان ماوەدا، رووبەری چاندراوی بریتی بووە لە (٢٥٩٠٠) دۆنم ، هەڵبەت لەم ماوانەی کەئاماژەی بۆ کرا، رووبەری چاندراوی دانەوێڵەی (گەنم و جۆ) هەمیشە لەئاستێکی فراوان و بەرزدا بووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەجووتیارانی ناوچەکە هەر لەرۆژگاری کۆنەوە بایەخی سەرەکیان بەچاندنی ئەم دوو بەرووبوومە داوە، لەلایەکەوە داهاتی ئابووریيان لەسەری بەندە، لەلایەکی دی جۆری خاکی ناوچەکە شیاوە بۆ چاندنی ئەم جۆرانەی دانەوێڵە، هەربۆیە ئەوەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر فراوانی رووبەری چاندراوی زەویەکانی ناوچەکە بەدانەوێڵەی (گەنم و جۆ).

**خشتەی -3-**

**رووبەری چاندراوی بەروبوومی زستانە لەناحیەی گوێڕ لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩) (دۆنم)**

| ژ | ساڵ | گەنم | جۆ | نۆک | نیسک |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٩-٢٠١٠ | ٥٧٢٠٩ | ٤٠٦٤٥ | - | - |
| ٢ | ٢٠١٠-٢٠١١ | ٧١٠٩٣ | ٣٢٤٥٠ | - | - |
| ٣ | ٢٠١١-٢٠١٢ | ٥٩٥٧٩ | ٣٠٢٠٠ | - | - |
| ٤ | ٢٠١٢-٢٠١٣ | ١٠٨٠٠٠ | ٢١٣٠٠ | - | ١٠ |
| ٥ | ٢٠١٣-٢٠١٤ | ١٤٧٧٥٠ | ٣٤٢٥٠ | - | - |
| ٦ | ٢٠١٤-٢٠١٥ | ١١٣٢٠٠ | ٢٠٢٢٤٠ | ٢ | - |
| ٧ | ٢٠١٥-٢٠١٦ | ١٠٥٤٠٠ | ٢٨٨٥٠ | - | - |
| ٨ | ٢٠١٦-٢٠١٧ | ١٢٤٣٠٠ | ٣١٠٢٠ | - | - |
| ٩ | ٢٠١٧-٢٠١٨ | ١١٧٤١٥ | ٢٥٩٠٠ | - | - |
| ١٠ | ٢٠١٨-٢٠١٩ | ١٢٢٥٩٥ | ٢٥٩٠٠ | - | - |

**سەرچاوە:**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پلان دانان (ئاماری بڵاونەکراوە).**

سەبارەت بەبەرووبوومی هاوینە، هەروەک (لەخشتەی -4- )تێبینی دەکرێت، هەریەک لەبەرووبوومەکانی (تەماتە، خیار، باینجان، کودی، گوڵەبەڕۆژە و کونجی) چاندراون، بەشێوەیەک لەسەر ئاستی ئەم بەرووبوومانەش، بەرووبوومی (تەماتە) زۆرترین بەرووبوومی چاندراوی هەبووە، لەساڵی (٢٠١١) کە (٧٥٠٠) دۆنم بووە، لەکاتێکدا ساڵی (٢٠١٩) هەمان بەروبووم رووبەری چاندراوی گەیشتۆتە (٤٥٠٠) دۆنم ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی ئەم بەرووبوومە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، چ بۆ

مەبەستی فرۆشتن یاخود بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی خواستی رۆژانەی گوندنشینان، هەربۆیە زۆرترین رووبەری چاندراوی هەبووە لەهەموو ماوەکاندا، دوای ئەو بەرووبوومی (خیار) دێت کەئەویش وەک یەکێک لەبەرووبوومەکانی هاوینە بایەخ بەچاندنی دراوە لەناوچەکەدا، بەشێوەیەک رووبەری چاندراوی لەتەواوی ماوەکاندا لەنێوان (١٠٠٠-٣٨٠٠) دۆنم بووە، کەمترین رووبەری چاندراویش بەبەرووبوومی کونجی بووە کەگەیشتۆتە (٤٠) دۆنم لەساڵی (٢٠١٩)دا، ئەمەش لەلایەکەوە .

**خشتەی (4) رووبەری چاندراوی بەرووبوومی هاوینە لەناحیەی گوێڕ لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩)(دۆنم)**

| ژ | ساڵ | تەماتە | خیار | باینجان | کودی | گوڵەبەڕۆژە | کونجی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٩ | ٦٠٠٠ | ٣٧٠٠ | ١٨٠٠ | ٣٠٠ | ٥٢ | ٢٣٠ |
| ٢ | ٢٠١٠ | ٧٥٠٠ | ٣٨٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٠ | ٤٠٠ | ٥٠٠ |
| ٣ | ٢٠١١ | ٧٥٠٠ | ٣٦٠٠ | ١٥٥٠ | ٢٠٠ | ٤٠٠ | ٣٠٠ |
| ٤ | ٢٠١٢ | ٤٠٠٠ | ٢١٠٠ | ٩٠٠ | ١٠٠ | - | ١٥٠ |
| ٥ | ٢٠١٣ | ٣٠٠٠ | ٢٥٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٠ | ٥٠ | ٦٠ |
| ٦ | ٢٠١٤ | ٢٥٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٠ | ٦٠ | ١٠ |
| ٧ | ٢٠١٥ | ٢١٠٠ | ١٨٠٠ | ٦٠٠ | ١٦٠ | ٤٠ | ١٢ |
| ٨ | ٢٠١٦ | ٤٠٥٠ | ١٥٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٠ | ٣٠ | - |
| ٩ | ٢٠١٧ | ٤٥٠٠ | ١٤٠٠ | ١٢٠٠ | ٢٠٠ | ٣٥ | - |
| ١٠ | ٢٠١٨ | ٤٠٠٠ | ١١٠٠ | ٨٠٠ | ١٧٠ | ٣٠ | ٢٥ |
| ١١ | ٢٠١٩ | ٤٥٠٠ | ١٣٥٠ | ٦٥٠ | ١٥٠ | ٤٠ | ٤٠ |

**سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پلان دانان (ئاماری بڵاونەکراوە).**

**ب- ئاژەڵداری (سامانی ئاژەڵ):**

ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەو پێیەی کەدانیشتوانەکەی بایەخی سەرەکیان داوە بەپیشەی کشتوکاڵ هاوکات پیشەی ئاژەڵداریش سەرچاوەی سەرەکی ژیانیان پێک دێنێت، بەتێڕامان (لەخشتەی -5-) ئەمر راستییە روونتر دەرد5ەکەوێت. بەشێوەیەک ژمارەی مەڕ گەیشتۆتە (٦٠٠٠٠) سەر ئاژەڵ لەساڵی (٢٠١٩)دا بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی هەریەک لەمانگا و بزن، کەژمارەیان کەمترە، ئەوەش لەلایەکەوە بۆ سروشتی بەرزی و نزمی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کەپان و تەختە سپایی، سەرەڕای زیادبوونی خواستی کریار لەسەر بەرهەمەکانی جگە لەسامانی ئاژەڵ

**خشتەی -5- دابەشبوونی سامانی ئاژەڵ لەناحیەی گوێڕ ساڵی (٢٠١٩)**

| مەڕ | بزن | مانگا |
|---|---|---|
| ٦٠٠٠ | ٣٠٠٠ | ٩٠٠ |

**سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی و بەیتەرەی گوێڕ، بەشی سامانی ئاژەڵ، (داتای بڵاونەکراوە).**

**ج- پڕۆژەی پەلەوەر و سامانی ماسی:** ((هەروەها لەناحیەی گوێڕ بایەخ دراوە بەبەخێوکردنی پەلەوەر و چەندان پڕۆژەی هۆڵی بەخێوکردنی پەلەوەر و پڕۆژەی ماسی هەن (خشتەی -6-) ئەم راستییە روون دەکاتەوە، بەشێوەیەک نزیکەی (٢٠-٢٤) هۆڵی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی جووجکە و پەلەوەر هەیە، کەراستەوخۆ بەرهەمەکانیان پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ دەکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش (٢٧) پڕۆژەی حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە، کەبەرهەمەکانیان دەنێردرێتە بازاڕی ناوخۆ، دیارترین ئەو گوندانەی کەبایەخیان داوە بەپڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی بریتین لە (ئەبوشیتە، تەرجان، کوشاف، کەپران، هەوێرە). سەرەڕای ئەمانە، بەخێوکردنی هەنگ و بایەخ دان بەکورەی هەنگ لەناحیەکەدا بوونی هەیە، بەجۆرێک ژمارەی ئەو کوڕانەی هەنگ گەیشتۆتە (٣٠-٣٢) کورەی هەنگ، کەبەرهەمی هەر شانەیەکی هەنگ لەناحیەکە گەیشتۆتە (٣-٥) کیلۆ، دیارترین ئەو گوندانەی کەبایەخیان داوە بەپەروەردەکردنی هەنگ بریتین لە (قەڵاتە سۆران، پێمەڕە بڕ، شامامەر، شەرائح) )) (توێژەر, لێکۆڵینەوەی مەیدانی,2019 ).

**خشتەی -6-**

**پڕۆژەی پەلەوەر و سامانی ماسی و کورەی هەنگ لەناحیەی گوێڕ ساڵی ٢٠١٩**

| پڕۆژەی پەلەوەر | پڕۆژەی حەوزی ماسی | کورەی هەنگ |
|---|---|---|
| ٢٠-٢٤ | ٢٧ حەوزی ماسی | ٣٠-٣٢ |

**سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پڕۆژەی ماسی و پەلەوەر، (ئاماری بڵاونەکراوە).**

**2-رێگای گواستنەوە**

((رێگای گواستنەوە بەیەکێك لەگرنگترین ئامرازەکان دادەندرێت کەیارمەتی ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان گوند بەشارەکان دەدات، هەروەها بەژدارە لەگواستنەوەی خزمەتگوزاریە کشتوکاڵیەکان بۆ جووتیار و ئاسانکردنی بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بۆ سەنتەرەکانی بەکاربردن و دەروازەی بازاڕکردنی بەردەوام(الیاسري,2008,ل-102))

((کاریگەری رێگاکانی گواستنەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەروونی دەردەکەوێت، چونکە لەمیانی کێومالی کردنی ناوچەکە دەرکەوت بەشێکی زۆری نشینگە گوندیەکان لەنزیك تۆڕەکانی گواستنەوە بەتایبەتی رێگا سەرەکیەکان بنیات نراون، ئەو نشینگە گوندیانەش بریتین لەگوندەکانی (تەرجان، هەوێرە، قەڵاتە سۆران، کەپران، کوشاف، خاڵند پێمەرەبڕ، ساقیە، مەجلوبە، تل الخیم) (توێژەر ,لێکۆڵینەوەی مەیدانی,2019 ). بەو هۆیەوە کارئاسانی و خزمەتێکی گەورەتر پێشکەشی جووتیار و گوندنشینانی ناوچەکە دەکات، چونکە لەلایەکەوە بەکورترین ماوە و کەمترین تێچوون بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان دەگوازنەوە بۆ ناوچەکانی بەکاربردن و گومرگ کەنزیکە لێیانەوە، لەلایەکی دیکەوە تێچوونی گواستنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان لەکێڵگەوە بۆ بازاڕەکان کەمتر دەبێت.

**٣- فاکتەری رامیاری**

کاریگەری فاکتەری رامیاری بەروونی دەردەکەوێت لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، چونکە ناوچەکە وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی پارێزگای هەولێر سالآنی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دووچاری هێرشی بەردەوامی رژێم و پرۆسەکانی کاولکاری و سوتان و تێکدانی گوندەکان بووە، بەبیانووی پشتگیری و پشتیوانی گوندنشینانی ناحیەکە بۆ هێزی پێشمەرگە، هەمیشە گوندەکانی کەوتبوونە بەر بۆسەی پیلانەکانی رژێم و دووچاری دەربەدەری و سوتانی ماڵ و کێڵگەکانیان بوونە، بەتایبەتی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەکەش لەنزیك شاری موسڵ بۆیە گوندنشینانی بەردەوام گیرۆدەی ئەو ئازار و دەردەسەریانە بوونە، بەجۆرێك لەماوەی (1980-1988) (40) گوند لەناحیەکە گوندەکانیان سوتێنران و دانیشتوانەکەشی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی (سێبیران) و (کونەگورگ) و (کەورگۆسك) راگوێزران)).(resool .1990.p-74_75.).

((لەساڵی (٢٠١٤)ش جارێکی دی ناوچەکە کەوتە ژێر هەڕەشە و پیلانە خراپەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ئەوەبوو لەم ماوەیەدا گوندنشینانی ناحیەکە لەبەر پاراستنی گیانی خۆیان لەمەترسییەکانی داعش، گوندەکانیان جێهێشت و بەرەو شاری هەولێر کۆچیان کرد، بەجۆرێک ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکان لەماوەی (٢٠١٤-٢٠١٦) گەشتبووە (٣٢) گوند، بەڵام پاش هاتنی هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکە، ئارامی ئاسایش گەڕایەوە ناحیەکە و ئەوەبوو جارێکی دی گوندنشینان چوونەوە سەر زێدی خۆیان و بەردەوام بوون لەسەر چالاکی و ژیانی ئاسایی، بەڵام هەندێک لەگوندەکان تا ئێستا هەر چۆڵن، دانیشتوانەکەی لەبەر مەترسییەکانی داعش نەگەڕانەوە بۆ سەر زێدی خۆیان، ئەوەش لەبەر نزیکی پێگەکانیان لەپارێزگای موسڵ، ئەوانیش گوندەکانی (زمارەی مەرزان، کوشافی خواروو ، کوشافی سەروو) )) (توێژەر,لێکۆڵینەوەی مەیدانی,2019 ).

**5- دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان و کاریگەریان لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی:**

**1 - شێوازەکانی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان:**

**أ/ هاوکۆلکەی پەرتبوون:**

بەتێڕامانی راستەوخۆی توێژەر لەبەشە جیاجیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەمیانی کێوماڵکردنی (مسح)ی ناوچەکە، هەروەها تێبینی کردنی (نەخشەی-٤-) و بەکارهێنانی رێگای ئاماری هاوکۆلکەی پەرتبوون (معامل التشتت) ساڵی (٢٠١٩) لە (خشتەی-٧-) لەئاکامی هەموو ئەمانە، دەردەکەوێت کەنشینگە گوندیەکانی ناحیەی گوێڕ لەو ساڵەدا شێوازی بڵاوەبوو (المنتشر)یان وەرگرتووە، چونکە بەهای هاوکۆلکەی پەرتبوون بریتی بووە لە (٤٠،٩)، ئەم بەهایەش ئاماژەیە بۆ شێوازی بڵاوبوونەوەی گوندنشینانی ناحیەی گوێڕ، هەڵبەت وەرگرتنی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری فاکتەری سروشتی لەوانە، سروشتی تۆپۆگرافیای ناوچەکە کەزیاتر لەدەشتی فراوان و گرد و تەپۆلکە پێک هاتووە، کە رۆڵی هەبووە لەدابەشبوونی گوندنشینان لەبەشە جیاجیاکانی ناوچەکە، بەتایبەت کەکشتوکاڵ پیشەی سەرەکی گوندنشینانە، چ کشتوکاڵی دانەوێڵە یان سەوزەوات، لەلایەکی دی لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئابووری گوندنشینانیش لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان بەند بووە، لەبەرئەوە ئەمەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر بڵاوبوونەوەی یەکەکانیان لەگەڵ کێڵگە کشتوکاڵیەکان.


خشتەی-٧- هاوکۆلکەی پەرتبوونی دانیشتوانی ناحیەی گوێڕ ساڵی (٢٠١٩)

| ژمارەی دانیشتوان/ کەس | ژ. د. گوندنشین | ژ.گ | هاوکۆلکەی پەرتبوون(*) |
|---|---|---|---|
| ٦٥٦٧١ | ٦٢٥٩٩ | ٤٣ | ٤٠،٩ |

سەرچاوە : ئامادە کراوە لە لایەن توێژەر پشت بەستن بە :
قایمقامیەتی قەزای مەخمور,بەڕیوەبەرایەتی ناحیەی گویر,ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی گویر,سالی (2019) (داتای بلاو نەکراوە ).

$$\text{(*) هاوکۆلکەی پەرتبوون} = \frac{\text{ژمارەی دانیشتوانی گوندنشین}}{\text{کۆی ژمارەی دانیشتوان}} \times \text{ژمارەی گوندەکان}$$

/ سەرچاوە John I.clarke; Population Geography, 2nd Edition, Pergamon Press, Oxford, 1972, P.63




نەخشەی _4_ دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندیەکانی ناحیەی گویر سالی (2019)

**سەرچاوە :پاشکۆی 1**

**ب / دابەشبوونی نشینگە گوندیەکان بەگوێرەی ریزبەندی قەبارەیان:**

بەتێڕامـان لە (خشـتەی-٨-) دەردەکەوێـت کەنشـینگە گونـدیەکانی نـاحیەی گـوێر بەگـوێرەی دەسـتەی قەبارەیـان بـۆ چەنـد دەستەیەکی جیاواز بەم شیوەیە:

**خشتەی-٨- دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەکانی ناحیەی گوێڕ لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩)**

| دەستەی قەبارە | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٩ | |
|---|---|---|---|---|
| | گوند (%) | دانیشتوان (%) | گوند (%) | دانیشتوان (%) |
| کەمتر لە ٢٠٠ | ١٥,٢ | ١,١ | ١٤ | ١,٣ |
| ٢٠-٣٩٩ | ١١ | ٢٠ | ١٤ | ٢,٧ |
| ٤٠-٥٩٩ | ٩ | ٣,٧ | - | ٧ |
| ٦٠ و زیاتر | ٦٥,٣ | ٩٣,٢ | ٢١ | ٨٩ |
| | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

**سەرچاوە/ ئامادەکراوە پشت بەستن بە پاشکۆی (١)**

**١- دەستەی یەکەم: (کەمتر لە ٢٠٠ کەس):**

ئەو نشینگە گوندیانەی کەوتوونەتە نێو ئەم دەستەیەوە ڕێژەیان لەکۆی هەریەک لەگوند و دانیشتوانی ساڵی (٢٠٠٩) یەک بەدوای یەک (زیاتر لە ١٥%) و (١%) بووە بەڵام ساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی هەریەکەیان گەیشتۆتە نزیکەی (١٤%) و زیاتر لە (١%)، هەڵبەت ئەم دەستەیەش کەمترین ڕێژەی لەهەریەک لەنشینگەی گوند و دانیشتوان پێک هێناوە لەماوەکانی لێکۆڵینەوەدا، ((ئەم کەمبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی ئەم گوندانەی کەبچووک بوون ئەو گوندانەش هەر لەماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حکومەتی ناوەندی بەبیانووی دووبارە بنیات نانەوەی لادێکان ستراتیژیەتێکی بەکارهێنا، ئەوەش بەئاڕاستەی کۆکردنەوەی لادێکان، ئەوانەی کەبچووک بوون لەچەند کۆمەڵگەیەکی گەورەدا کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی گەشەیان پێ بکات و خزمەتی زیاتریان بکات، بەڵام مەبەستی سەرەکی لەم ستراتیژیەی بریتیبوو لەکۆکردنەوەی لەچەند ناوچەیەکی دیار، ئەوەبوو لەدوای ئەو قۆناغە پرۆسەی ڕاگواستن و نیشتەجێ کردنی لادێکان کەوتە بواری پراکتیکەوە ئەو پرۆسانەش لەماوەی (١٩٨٠-١٩٨٨) فراوانتر بوون)).(مەحەمەد,2007-ل-11),((ژمارەی ئەو گوندانەی کەکەوتنە ژێر ئەم ستراتیژیەتەی ڕژێم، لەسنوری ناحیەی گوێڕ بریتی بوو لە (٤٠) گوند کەدانیشتوانەکەی بۆ کۆمەڵگەکانی (کونەگورگ) (سێبیران) ڕاگوێزران، دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش ساڵی (٢٠٠٣)، بەشێک لەو گوندانە جارێکی دی ئاوەدانکرانەوە و دانیشتوانەکەی گەڕانەوە سەر زێد و زەوییەکانیان، کەبریتی بوون لەگوندەکانی (قەڵاتە سۆران، قاوغ، تەرجان، نۆغەران، دهێمات) ))( توێژەر ,لێکۆڵینەوەی مەیدانی ,2019) ، ئەگەرچی ئەم گوندانەی ئاماژەمان بۆیان کرد ئاوەدانکراونەتەوە، بەڵام هێشتا لەرووی ژمارە و نیشتەجێ بوونەوە دانیشتوانیان وەک ڕابردوو نییە.

**٢- دەستەی (٢٠٠-٣٩٩) کەس**

ئەم دەستەیە لەساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی هەریەک لەگوند و دانیشتوان تێدا بریتی بووە لە (١١) (٢) بەڵام ساڵی (٢٠٠٩)، ڕێژەکە بەرز بۆتەوە بۆ (١٤%) ڕێژەی گوند و زیاتر لە (٢%) ڕێژەی دانیشتوان، هەڵبەت ئەم بەرزبوونەوەیەش ئاکامی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەیە، بەو هۆیەوە دانیشتوانەکەی دوای گەڕانەوەی دۆخی ناوچەکە بەرەو ئاسایی و نەمانی مەترسی هاتنی داعش، جارێکی دی دەستیان بەچالاکی و جموجۆڵەکانی خۆیان کردەوە لەگوندەکانیان.

**٣- دەستەی (٤٠٠-٥٩٩)**

ئەم دەستەیە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی گوند تێدا گەیشتۆتە (٩%) و دانیشتوان نزیکەی (٤%)، بەڵام ساڵی (٢٠١٩) ڕێژەکە بەشێوەی بەرچاو بەرزبۆتەوە بۆ (٢١%) و (٧%)، ئەمەش پەیوەندی بەگەڕانەوەی گوندنشینانەوە هەیە بۆ سەر زێدی خۆیان پاش ساڵی (٢٠١٤) و نەمانی مەترسی داعش لەناوچەکەدا.

**٤- ٦٠٠ و زیاتر**

ڕێژەی گوند و دانیشتوان لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩) لەم دەستەیە هەمیشە بەرز بووە، بەرزبوونەوەی ڕێژەیان لەتەواوی ماوەکانی لێکۆڵینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بەشێک لەگوندەکانی سنوری ناحیەی گوێڕ سەر بەنەتەوەی عەرەبن، هەروەک لەباسەکانی رابردوو تیشکی خرایە سەر، لەبەرئەوەش، ژمارەیان هەر بەبەرزی ماوەتەوە و ترسیان لەبەجێهێشتنی گوندەکانیان نەبووە لەتەواوی ماوەکاندا، ئەمەش کاری کردۆتە سەر بەرزی ڕێژەی هەریەک لەگوند و دانیشتوانەکان.

## 2- کاریگەری دابەشبوونشینگەگوندیەکان لەسەرپەرەپێدانی کشتوکاڵ:

(لەتێبینی کردنی خشتەی -٩-) بۆمان دەردەکەوێت کەژمارەی ئەو کەسانەی کەجوتیارن لەناحیەکە، گەیشتۆتە (٣٨٦٢) جوتیار، هەڵبەت ئەمەش گەواهیدەرە لەسەر چالاکی کەسەکانی ناحیەکە بۆ سەر چاندنی بەروبووم و سەوزەوات، ئەوەش راستەوخۆ کاری کردۆتە سەر جۆری بەرهەم هێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەشێوەیەک بەروبوومی دانەوێڵە بەتایبەتی (گەنم و جۆ) و (نۆک) و (نیسک) لەلایەن جوتیارانی ناحیەکە بەگرنگەوە تێڕوانینی بۆ کراوە و دەکرێت هەر لەکۆنەوە تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆ، هەروەک لەباسەکانی رابردوو ڕۆشناییمان کردە سەر، جگە لە (دانەوێڵە) هەروەها (سەوزەوات)یش دەچێندرێت لەناوچەکە، کەسەرەڕای دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان واتە گوندنشینان هەروەها راستەوخۆ بۆ بازاڕیش دەنێردرێت بەمەبەستی ساغکردنەوە، لەلایەکی دی، ژمارەیەک لەگوندەکان جگە لەچاندنی بەروبوومەکان هەروەها بەرهەمی (خانووی پلاستیکی)ش دەنێرن بۆ بازاڕ لە (گوڵەبەڕۆژە و کونجی و خیار و کودی) لەدیارترین ئەو گوندانەش بریتین لە (هەوێرە، میل، تەرجان، شرائح)(توێژە,لێکۆڵینەوەی مەیدان) ، هەڵبەت ئەم راستییانەش گەواهیدەرن لەسەر بایەخدانی زیاتر بەبەرهەم هێنانی جۆراوجۆری بەروبوومە کشتوکاڵیەکان لەناحیەکە جگە لە بەروبوومی دانەویلە و سەوزەوات هەروەها بەروبوومی سپیایی بەشیکی گرینگ لە داهاتی گوندنشینانی دەڤەرەکە پێك دێنێت ,کەئەمەش خۆی لەخۆیدا کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەناحیەی گوێڕ.

| ژ | گوند | ژ. جوتیار |
|---|---|---|
| ١٦ | سەعداوە | ٩٢ |
| ١٧ | ابو جەردە | ٣٣٠ |
| ١٨ | مەجلبوبە | ٣٢١ |
| ١٩ | پێمەرەبڕ | ٣٤ |
| ٢٠ | قادریە | ٢٩ |
| ٢١ | زاگە | ٤٤ |
| ٢٢ | شەمشوولە | ٥٥ |
| ٢٣ | هەوێرە | ٣٠٢ |
| ٢٤ | عەوێنە | ٢٣٤ |
| ٢٥ | شامامەر | ١٠٢ |
| ٢٦ | دهێمات | ٤٤ |
| ٢٧ | کەور | ٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | طەراش | ٣٠٧ |
| ٢٩ | ابوشیتە | ٣٣٤ |
| ٣٠ | خاڵند | ٢٠٧ |
| ٣١ | شرائح | ٢٣٧ |
| ٣٢ | شێخ شەروان | ١٠٣ |
| | كوي كشتي | ٣٨٦٢ كەس |

| ژ | گوند | ژ. جوتیار |
|---|---|---|
| ١ | نۆغەران | ٦٧ |
| ٢ | قەڵاتەسۆران | ٢٨ |
| ٣ | دێرێ | ٤٤ |
| ٤ | کوشاف | ٢١ |
| ٥ | دەرماناوە | ٢٧ |
| ٦ | زمارەی سابیر | ٣٤ |
| ٧ | زمارەی مەرزان | ٣١ |
| ٨ | ساقیە | ٤٢ |
| ٩ | بەلبەلۆک | ٤٤ |
| ١٠ | سەید ئەمین | ٤٠ |
| ١١ | قاوغ | ٢٨ |
| ١٢ | عەلی مەلا داود | ٩٤ |
| ١٣ | میل | ٢٢ |
| ١٤ | عەباسیە | ٢٠١ |
| ١٥ | تەرجان | ٣٣٤ |

**سەرچاوە/ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر پشت بەستن بەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، لقی کشتوکاڵی گوێڕ، ژمارەی جوتیارانی ناحیە ساڵی (٢٠١٩) (چاپکراوە و بڵاونەکراوەتەوە).**

6 - **ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ناحیەی گوێڕ رووبەرەکەی (٥٠٥)کم$^{٢}$، لە (43) گوند پێک دێت.

٢- رووبەری چاندن و گەنم (٤٠٦٤٥) دۆنم بووە ساڵی (٢٠١٩).

٣- ژمارەی گوندنشینانی ناحیەکە ساڵی (٢٠١٩) بریتی بووە لە (٦٢٥٩٩) کەس.

٤- لەناحیەکەدا نزیکەی (٣٠-٣٢) کورەی هەنگ هەیە.

٥- ژمارەی جوتیارانی ناحیەکە (٣٨٦٢) کەس.

٦- ئەو نشینگە گوندیانەی کەقەبارەیـان (کەمـتر لە ٢٠٠ کەس) بـوو ڕێژەیەکـی کەمتریـان لەکـۆی ژمـارەی نشـینگە گونـدیانەی ناحیەکە پێک هێناوە،

٧- هاوکۆلکەی پەرتبوونی گوندنشینانی ناحیەی گوێڕ گەیشتۆتە (٤٠،٩)، کەئەمەش ئاماژەیەکی گەواهیـدەرە لەسـەر وەرگرتنـی ئەرزی بڵاوبوونەوەی گوندنشینانی ناحیەکە.

## 7 – ڕاسپاردە:

١- سەرباری بوونی خانووی پلاستیکی، بەڵام پێویستە حکومەت هەماهەنگی تەواو بکات لەگەڵ وەزیری دارایـی بەمەبەسـتی ئاسانکاری کردن بۆ جوتیار و دابەشکردنی خانوو بەسەریان بەنرخێکی هەرزان.

٢- پێویسـتە حکـومەت پـلان و بەرنـامەیەکی تـۆکمە داڕێژێـت بەمەبەسـتی کـڕینەوەی دانەوێـڵەی جوتیـاران، هەر لەدوای دوورینەوەی بەنرخێکی گونجاو.

3 – خراپي ريگاكاني گواستنەوە لە هە نديك لە گوندە كان كە هيشتا لە جۆري بەرديزكراوە .ئە وە ش بە ربە سـت دە خاتـە پيش گوند نشينان لە گواستنەوە ي بە رهە مە كانيان بۆ گومرگ.

**پاشکۆی-١- دابەشبوونی قەبارەیی نشینگە گوندیەکانی ناحیەی گوێڕ لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٩)**

| دەستەی قەبارە | ٢٠٠٩ | | ٢٠١٩ | |
|---|---|---|---|---|
| | گوند (%) | دانیشتوان (%) | گوند (%) | دانیشتوان (%) |
| کەمتر لە ٢٠٠ | ٧ | ٦٣٣ | ٦ | ٨٣٠ |
| ٢٠-٣٩٩ | ٥ | ١١٧٧ | ٦ | ١٧٤٣ |
| ٤٠-٥٩٩ | ٤ | ٢١٣١ | ٩ | ٤٣٤١ |
| ٦٠ و زیاتر | ٣٠ | ٥٣٢٥٧ | ٥٢ | ٥٥٦٧٨ |
| | ٥٦ | ٥٧١٩٨ | ٤٣ | ٦٢٥٥٩ |

**سەرچاوە/**

**١- وزارة الداخلية، محافظة اربيل، قائمقامية قضاء مخمور، مديرية ناحية الكوير، نتائج الحصر والترقيم فى القضاء، عام (٢٠٠٩)، (بيانات غير منشورة).**

**٢- قایمقامیەتی قەزای مەخمور، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ، بەشی پلان دانان، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی گـوێڕ، (داتای بڵاونەکراوە).**

## 9. لیستی سەرچاوەکان:


یەکەم. بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

- قایمقامیەتی قەزای مەخمور، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی گوێڕ *بەشی پلان دانان*، داتای بڵاونەکراوە.

- پارێزگاری هەولێر، قایمقامیەتی قەزای مەخمور، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ، بەشی پـلان دانـان و بەدواداچـوون، *ڕووپێـوی گۆڕەپـانی گونـدەکانی ناحیەی گوێڕ* ساڵی (2016) (ئاماری بڵاونەکراوە).

- ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بەپشت بەستن بەوەزارەتی کشتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو، بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی کشـتوکاڵی هەولێـر، بەشی کەشـناسی کشتوکاڵی، تێکڕای ساڵانەی باران لەوێستگەی گوێڕ (داتای بڵاونەکراوە).

- بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی گوێڕ، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ناحیەی گوێڕ، بەشی پـلان دانـان و بەدواداچـوون، ئامـاری سـەرچاوەکانی ئـاوی ژێـر زەوی، (داتای بڵاونەکراوە).

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پلان دانان (ئاماری بڵاونەکراوە).

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی و بەیتەرەی گوێر، بەشی سامانی ئاژەڵ، (داتای بڵاونەکراوە).

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، بەشی پرۆژەی ماسی و پەلەوەر، (ئاماری بڵاونەکراوە).

- قایمقامیەتی قەزای مەخمور،بەریوەبەرایەتی ناحیەی گویر،ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی گویر،سالی (2019) (داتای بلاو نەکراوە )

- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، لقی کشتوکاڵی گوێر، ژمارەی جوتیارانی ناحیە ساڵی (٢٠١٩) چاپکراوە و بڵاونەکراوەتەوە).

**دووەم. دیدارەکان:**

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (سەید مەغدید رؤف) موختاری گوندی قەڵاتە سۆران، رۆژ و بەروار ٢٠١٩/٤/١١.

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (م. ئەمیر نوری محمد) بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کەپرانی بنەڕەتی) لەگوندی (کەپران) رۆژ و بەروار (٢٠١٩/٤/١٨).

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (مسعود نوری)، بەڕێوەبەری ناحیەی شەمامک، رۆژ و بەروار (٢٠١٩/٣/١٧).

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز (ئەمین ئەسعەد حمدامین) دانیشتوو و جوتیاری گوندی (قاوغ) لەرۆژ و بەروار 2019/7/23.

**سێیەم. نامە و تێزە زانستییەکان:**

- اسماعیل،اسماعیل اسعد, ٢٠٠٦, *خصائص التصاریف لنهر الزاب الکبیر فی اقلیم کوردستان العراق*، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب- جامعة صلاح الدین، اربیل.

- جوهر،لافە سامح ، 2007,*التحلیل المکانی لتوزیع المستوطنات الریفیة فی قضاء شقلاوة واثره علی التنمیة الریفیة*، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین- اربیل.

- عثمان،بەهرە رضا ، ٢٠١٣,***جیاوازی شوێنی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەپارێزگای هەولێر***، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر.

- قهرمان،لیلی محمد, ٢٠٠٤,*تحلیل جغرافی لخصائص ومشاکل ترب محافظة اربیل وقابلیة اراضیها الانتاجیة*، اطروحة دکتوراە، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، اربیل .

**شەشەم. کتێبەکان:**

**1-بە زمانی ئینگلیزی:**

- P.Buring, *soils and soil conditions in Iraq*, ministry of agriculture, Baghdad, 1960

- Shorsh M. Resool, *Destruction of a Nation*, printed in (U.S.A), 1990

2. بە زمانی عەرەبی:

- امین,ازاد محمد و داود,تغلب جرجیس، ١٩٩٠،، *جغرافیة الموارد الطبیعیة*، مطبعة دار الحکمة، جامعة البصرة

- الدلیمي , محمد دلف احمد و الموسی، فواز أحمد ، ٢٠٠٩, *جغرافیة التنمیة (مفاهیم- نضریات- تطبیق)*، ط١ .

- محمد،خلیل اسماعیل، 1982, *اغاط الاستیطان الریفی فی العراق*، مطبعة الحوادث، بغداد.

- محمد،محمدعبدالفتاح ،2008، *تنمیة المجتمعات المحلیة من منضور الخدمة الاجتماعیة*، مکتب الجامعی الحدیث، الاسکندریة.

- خماش ,فیصل وآخرون، 2014,*الجغرافیة الریفیة والتخطیط الریفی*، مطبعة جامعة دمشق, منشورات جامعة دمشق- کلیة الاداب والعلوم الانسانیة.

- سمحة،موسی ، ٢٠٠٩,*جغرافیة السکان*، الشرکة العربیة المتحددة للتسویق والتوریدات، القاهرة.

- اللهونی ,محمد عبدالله عمر ،٢٠٠٥, *التحلیل الجغرافی للاستیطان الریفی فی اقلیم کوردستان العراق*، دراسة تطبیقیة، لمحافظة اربیل، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة .

- المقداد ,محمد رفعت واخرون،٢٠١٤, *جغرافیة السکان*، منشورات جامعة دمشق، کلیة الاداب والعلوم الانسانیة، دمشق.

**2. بە زمانی کوردی:**

- عارف،حەمە کەریم, ٢٠١٠,*کورد لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا*، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

حەوتەم/ گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

**1. ڕۆژنامەکان:**

خەبات ، (٢٠٠٧),***ئاماژەکانی پەرەپێدانی لادێیی لەهەرێمی کوردستانی عێراق***، هەولێر ,ژمارە (٣٥٠٧) .

**2. گۆڤارەکان:**

- النفط والتنمیة،(١٩٨٨),بغداد,ع (٣)

- گۆڤاری ئابوری سیاسی,(2013),هەولێر,ژ (43).

- مجلة زانکو للعلوم الانسانیة,(2008) ,اربیل,ع(35)

- بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی,(2012),هەولێر,ژ (184).

- مجلة زانکو للدراسات الانسانیة،(1988),اربیل,ج(2)

- مجلة البيئة والتنمية،(2004),شرم الشيخ.
- مجلة الاداب,(2008),كوفة,ع (2)

**التحليل الجغرافي لتوزيع المستوطنات الريفية في ناحية الكوير و اثرها على التنمية الزراعية**

**دراسة جغرافية**

**تنكه عثمان سعيد**
جامعة صلاح الدين/ اربيل-كلية الاداب- قسم الجغرافية
tnka.saeed@su.edu.krd

**ملخص**

المستوطنات الريفية صورة من الصور لإستقرار السكان، منذقديم الزمان ؛ وقد أصبح مركزا لإستقرار الانسان فيها ..ولاشك أن هناك مجموعة من العوامل التي تؤثر على نمط توزيع المستوطنات ومنها العوامل الطبيعية والبشرية...وان سكان هذه القرى من اجل تنظيم أوضاع عيشهم في مهنة الزراعة ؛ وبالأخص في المناطق التي تتناسب فيها ؛ حيث تعتبر هذه المهنة الاقتصادية مهنة مهمة لهام دور في إيصال السكان القرويون لمرحلة متقدمة في تطويرهم لها من خلال تطوير الادوات الزراعية الحديثة ... ويتبين لنا من خلال هذا البحث الاهمية الكبيرة له إضافة الى تسليط الضوء على هذه المكان المهمة جغرافيا من حيث موقعها الجغرافي وموقعها الاستراتيجي المهم..بالرغم من أن المنطقه زراعية ولحد الان لم يجرى اي بحثا أكاديمي لهذة المنطقة ..أما عن أهداف البحث ؛ فهو تسليط الضوء على توزيع المستوطنات الريفية ودور العوامل الجغرافية على التنمية الزراعية فيها ينقسم البحث الى 3 الفصول.. الفصل الاول .. تعريف منطقة الدراسةويتكون من مبحثين .أولا.. البعد الجغرافي ثانيا..تعريف المفاهيم الاساسية ويتكون من التنمية والتنمية الزراعية ..والفصل الثاني العوامل الجغرافية المؤثرة في توزيع المستوطنات الريفية ..ويتضمن على مبحثين الاول العوامل الطبيعية والثاني عوامل البشرية ....والفصل الثالث يتضمن طريقة توزيع المستوطنات الريفية ..والذي يتكون الي مبحثين .. الاول التوزيع الحجمي و نمط توزيع المستوطنات الريفية و المبحث الثاني يضم اثر توزيع المستوطنات الريفية على التنمية الزراعية وفي الخاتمة تم الاشارة الى عدد من الاستنتاجات والتوصيات.

**مفاتيح الكلمات :**التوزيع، المستوطنات الريفيه،كوير، التنميه الزراعية.

**Geographical analysis of Rural settlements in Gwer sub district and it's impact on Agricultural Development**
**A Geographical Study**

**Tanka Othman Saeed**
Department of Geography - College of Arts / Salahaddin University-Erbil
tnka.saeed@su.edu.krd

**Abstract**

The Rural settlements are one of the population settlement types which became a center of human stability undoubtedly there are many factors impacted on the image of rural settlement distribution which they might be physical or human factors the rural population or countryside's interest which agriculture in the sites which are suitable for this sector. Thus the agriculture profession has it's important role for getting the rural citizens to agricultural development stage in the time of implementation of all the necessary conditions.The importance of this study is the strategic location of study area as well as it regards as an agricultural area due to it's fertile soil. However there no any required academic study about this site.

The aim of this study is elucidation of rural settlements and explaining the main factors that effect on the development of agriculture. The study consist of three main chapters; the first one is devoted for the definition of study area which include two axes; the first axis is about the geographical dimension and second axes is about the main concepts of the study which are development and agricultural development.The second chapter is devoted for the study area configurations which includes two axes; the first one is devoted for the physical properties and the second axis is about the human properties of the study area.The last third chapter is for explaining the patterns of rural settlements distribution which also consists of two parts, the first one is about the volumetric distribution and dispersion coefficient, the second part is devoted for the impact of rural settlement distribution on the agricultural development. The study ends with shedding light on several conclusions and recommendations.

**Keywords:** distribution, ruraldevelopment,Gwer, development Agricultural.